# ڕژیمی ئاخوندی پەلەقاژەی مەرگیەتی!




لە ئاکامی کردەوە و شێوەی بەڕێوەبەری وڵات بە سیستەم و بەڕێوەبەری دیکتاتوری و ژێرپێنانی هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ و بە هێندنەگرتنی یاسا نێونەتەوەیەکان، ڕۆژ بەڕۆژ ڕێژیمی ئاخوندی ئێران و دەسەڵاتە نەگریسەکەی بەرەو لاوازی و هەڵدێری نەمان هەنگاو دەنێ . بێگومان ووشیاری و شۆڕشگێڕی کۆمەڵگەی ئێران و پێگەی بەهێزی هێزو لایەنەکانی ئۆپۆزۆسیۆن، دەورێکی باش و کارای هەبووە لە لاوازی پێگەو دەسەلاتی ڕژیم. ئاکامی خەباتی درێژخایەن و دڵسۆزانەی کورد و نەتەوەکانی تر لە ئێران دا شانبەشانی ئەو پاڵە پەستۆیانەی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئەمریکا و هاوپەیمانە نزیکەکانی دژ بە ڕژیم و سوپایی پاسداران وەک باڵی بەهێز و پارێزەری ئەم نیزام و دەسەڵاتە نارەواو دژی ئینسانیە، خەریکە ئامانجی دەبێ و دێتە بەرهەم. لەلایەکی ترەوە ڕێژیم لەناوخۆدا لەگەڵ گەلێک قەیرانی قوڵ و چارەسەر هەڵنەگر بەرەو ڕوویە. باڵەکانی ڕژیم لە ناوخۆیاندا ناکۆکن و ئەو ناکۆکیانەش ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبوون دان. ڕێژیم چی دیکە وەکو جاران ناتوانێ کێشە ناوخۆیەکانی ناو دەسەڵات بشارێتەوە، بەڵکو ئەو کێشانە بەچەشنێکن کە مەزەندەی ئەوە دەکرێ باڵ و هێزە جۆراوجۆرەکانی ڕژیم لە بەر یەک ڕاوەستن و ڕوبەڕوی یەک ببنەوە. خەڵکی ئێران بە درندانەترین شێوەی نامرۆڤانە کەوتونەتە بەر پەلاماری بێ بەزەیانەی ڕژیم. ئەوان هیچ کات نەیان توانی لەسایە و سێبەری ئەم ڕژیمەدا بحەسێنەوە و ژیانێکی ئارام و ئۆقرەگرتو و شایان بەرنسەر، بەڵکو بەردەوام بونەتە قوربانی دەسەڵات و باجی سەرەکی سیاسەتی هەڵەو چەوتی ڕژیمیش هەر ئەوان دەیدەن.

خەڵکی ئێران بەسەر دەورانێکی سەخت و دژواردا هەنگاو دەنێن. ڕێژەی هەژاری و بێکاری لەلوتکەدایە. ژێرخانی ئابووری و سەرچاوەی بژێویی کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی بەرەو تێکتەپین و دارمان چووە و خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و کەمداهات کەوتوونە ژێر هێڵی سووری هەژاری و لە ئێستادا ، ڕۆژ و شەویان لەسەریەک کردۆتەوە هەتا بتوانن خۆیان لە برسیەتی ڕزگاربکەن، بەو شەرتەی شانسی ئەوەیان هەبێ نەکەونە بەر شالاوی دەستدرێژی و پەلاماری هێزە دڕندەو دڵڕەشەکانی ڕژیم و لە پێناو نان دا گیانیان بەخت نەکەن . جینایەتەکانی دەسەڵاتی ڕژیمی ئاخوندی بەرامبەر بە زیندانیانی سیاسی و خەڵکی لێقەوماوی ئێران بەچەشنێکە کە چیدیکە جیهان ناتوانێ چاوپۆشیان لێ بکات. ناڕەزایەتیەکانی خەڵک هەتا دێت زیاتر دەبێت و خەڵک شانبەشانی خەباتی سیاسی و مەدەنی هەوڵەکانیان بۆ ڕوخانی ئەم ڕژیمە چڕتر کردۆتەوە و سەرهەڵدانی جۆر بەجۆر لە شێوەی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە ماف و ژیانی سەربەرزانە و ئازادی، بەردەوام لەناوچەکانی کوردستان و شارە گەورەکانی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پەرەدەستێنێ و خۆ دەنوێنێ. ڕێژیم بەتەواوی کاریگەری گەمارۆ جیهانیەکانی لەسەر دیارە و پەلەقاژەی مەرگیەتی. حکوومەتی خوێنڕێژ و شکست خواردوی ئاخوندی بەردەوام خەریکی کێشە دروسکردن و ئاژاوە نانەوەیە لە جیهان و هەر جارەی بەشێوەیەک لەهەوڵدایە سەرنجی بیروڕایی گشتی نێوخۆ و دەرەوە لەسەر بابەتە گرینگ و هەستیارەکان بە ئاقاری تردا بەرێ، تا بتوانێ بەم کارانەی ماوەی مانەوەی دەسەڵاتەکەی درێژتر بکاتەوە. ئەمریکا ڕۆژ بەڕۆژ گەمارۆکانی بۆ سەر ئێران چڕتر دەکاتەوە، ئەوەش کاریگەی زۆر باشی لەسەر لاوازی ڕێژیم هەبوە. کاربەدەستانی ڕژیم لەسەرەتا دا زۆر بەشێوەیەکی هەڕەشە ئامێز هەوڵیاندا بەرپەرچی ئەمریکا بدەنەوە، بەڵام زوو زانیان کە هەڕەشە و خۆ گیف کردنەوە لە بەرانبەر سزاکانی ئەمریکا و هاوپەمانانی ،هیچ سودێکی بۆیان نابێ ناچار پەنایان هێنایە بەر ووڵاتانی تر بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەن تاکو بتوانن لەگەڵ ئەمریکا چەشنی کوریایی باکور بکەونە دانوسان و ڕێکەوتن. لە ئێستادا ڕژیم بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدا کە ئەمریکا ڕازی بکات تا لەگەڵی ڕێکەوتن بکات و لەم پێناوەش دا سوود لەهەموو بارودۆخێک وەردەگرێ. ئەوەش نیشانەی تێشکان و لاوازی ئەو ڕژیمە و پاشانیش کاریگەریەکانی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لە هەموو کات باشتر دەردەخا. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیە کە دەسەڵاتی ڕژیمی ئاخوندی ئەو پشتیوانیە بە هێزەی کە جاران لێی دەکرا،لە لایەن رووسیا و چەند وڵاتیکی تری ناوچەکە، بەرەو لاواز بوون دەچێ وهیچ کام لەو دەوڵەتانە نایانهەوێ پشتیوانی لە ئێران بکەن وبەهانای ئێرانەوە بچن. بزوتنەوەی سیاسی کورد لە کوردستان و هێزە سەرانسەریە ئێرانیەکان لەم هەل و مەرجە دا چارەنووس سازە دا دەبێ زۆر بە وریایەوە مامەڵە لە گەڵ ئەم دۆخەدا بکەن ، لەگەڵ ئەم دۆخادا بکەن، بەچەشنێ کە بەهەموو شێوەیەک هەوڵ و تواناکانیان یەک بخەن لە پێناو ڕوخانی ڕژیمی ئاخوندی و ڕزگار کردنی خەڵکی کوردستان و ئێران لەژێر دەستی زوڵم و ستەم. ڕوخانی ڕژیم دەبێتە زامنی دامەزرانی دەوڵەتێکی دیموکرات و پەرلەمانی لە ئێران دا، چونکە ئەمە خواست و ئامانجی لایەنە شۆڕشگێڕ و کاریگەرەکانی بەرەی شۆڕشگێڕی ئۆپزیسیۆنەو لەلایەکی ترەوە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان جارێکی دیکە بەنیزام و سیستەمێکی لەچەشنی ئەم نیزام ودەسەڵاتە ڕازی نابن و بۆ هەتاهەتایە نیزامی ویلایەتی فەقیە و لەگۆڕ دەنێن.

نووسینی جەلال خوشکەلام

# دیکتاتۆرێکی دیکەش هەڵوەری.



زریان وشەماڵ وگەردەلوولی بەهارو پاییزی عەرەبی ، زۆرێک لە حاکمانی دیکتاتۆری وەلانا ولەنوێترین ڕامالینیدا کۆتایی هێنا بە دەسەڵاتی ڕەهای عومەر ئەلبەشیری بەکورسیەشکاو و نووساوی دەسەڵاتی شەق وشڕی سوودان . ئەلبەشیری شەڕوانی دوێنێی دژبە ئیسرائیل کە بە پاڵپشتی ئیسلامیەکانی سودان گەیشتە دەسەڵات، کودەتا وگزی ئەم سەرۆکایەتیەی پێبەخشی و لە ساڵی 1989وە تائێستا وەک سەرۆکێکی لێنەهاتوو ودڕندە وبکوژی هەزاران کەس حاکم بووە، لەئاکامدا هێزی ڕیشەیی وگۆڕانخواز کە ئافرەتێک بووە ڕەمزی سەرکەوتنی شۆڕشەکە، لە بێخی هێنا و خستیە قەفەسی چاوەڕوانی لێپرسینەوەی.. نان وبرسیێتی، یەکێک لەهۆکانی ناڕەزایەتی خەڵکە وماوەیک بەر ئێستا خەڵکی هێنایە سەرشەقام. سودانیەکان سەرەتا بە نیشانەی ناڕەزایەتی لەهەمبەر گران بوونی نان ناڕەزایەتیان دەست پێکرد، بەڵام دواتر ئەم خواستە سنفیەیان گوازراوە بۆ ڕەهەندێکی سیاسی وگشتگیرو ئازادیخوازان وئەوانەی خولیا وڕۆئیای ژیانێکی هاووچەرخن، بوونە سەرقافڵەی ئەم شۆڕش وراپەرینە.

دەوڵەت ودەسەڵاتی عومەر لە لایەنی ئیدئۆلۆژیکدا کە بەشێکن لە کاروانی دەسەڵاتخوازی هێزی ئیسلامی سیاسی و نزیکن لە ئیخوان و ڕژیمی ئاخوندی وتەنانەت لەم کۆتایەشدا، چووە بەرە و جەمسەری عەرەبستان، بەبەرین کردنەوەی یاریە سیاسیەکانی، پێوەندیەکانی لەگەڵ تاقمە توندڕەوە ئیسلامیەکان وهەریەک لە ئێران و هێندێک وەڵاتی عەرەبی، ئەم بار و ئەو بار پێدەکرد. ئەم جۆرە ڕوانین وڕوانگەیەی ئەلبەشیر و ئیلهام وەرگرتنی لە دەسەڵاتدارانی ئیدئۆلۆژیکگەرا وپاڵپشتی لە هێزە تڕۆریستیەکان، سودانی بۆلای نەهامەتی وکوشت وکوشتاری بێ ئاکام پاڵنا. لە کێشەی ناووچەی دارفور کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای سودان 300هەزار کەسی بەکوشت دا و نزیک بە سێ میلیون کەسی ئاوارە وبێچارەکرد، لەکاتێکدا ئافرەتانیش کەوتنە بەر دەستدرێژی سکسی ئەلبەشیریەکانی ڕیشەداری توندڕەوەیی وپاڵپشتیکاری جووڵانەوەکە. ئەم جینایەتەی دیکتاتۆر عومەر، کاردانەوەی جیهانی بەدوودا هات. لەگەڵ دەرکەوتنی ماهیەتی ئەم دڕندەیە، ڕۆژی 4ی مارسی 2009 دادگای نێودەوڵەتی هەڵکەوتوو لە لاهەی هولەند، حوکمی گرتنی بۆ بەشیر دەرکرد وناوبراوی وەک تاوانبار لەدژی مرۆڤایەتی مەحکوم وڕسوا کرد. ئەم حوکمە، دۆست ودژمنی بۆ ئەلبەشیر دەرخست و هاووکات ئەو ڕژیم ولایەنانەی کە لەگەڵ ئەم تاوانانەی عومەر ئەلبەشیرن ودژ بە بنەما مرۆڤایەتیەکانن ،ئاشکراتر بوون. ئەلبەشیر کە بەهۆی تاوانەکانی ومەحکووم بوون بە جینایەت دژی مرۆڤ، کەوتە بەرچاودێری وبەدواداچوونی نێونەتەوەیی، هاووکات سۆزی هێندێک هاووفکری بۆلای خۆی ڕاکێشا. هەر لەدووی ڕاگەیاندنی حوکمی دادگا بۆ دەسبەسەرکردنی، پاسداری تڕۆریست عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی ڕژیم ی ئێران، بەئامانجی پشتیوانی هەموو جۆر لە ئەلبەشیر. چووە سودان. لاریجانی لەدووی دڵدانەوە و هان دانی ئەلبەشیر بۆ مکوڕ بوونی لەسەر کردەوە شەڕەنگێزیەکانی، پشتیوانی ئێرانی بۆ سودان ڕاگەیاند و ووتی ئێمە وگەلی سودان برا وهاووچارەنووسین و دژمنان هەرەس پێدەهێنین. هەر چەند عومەر ئەلبەشیر لەگەڵ پاراستنی پێوەندیەکانی لەگەڵ ڕژیمی ئێران، عەرەبستان وجەمسەرەکەی بە نزیک ولایەنی خۆی دەزانی، گەرەکی بوو لە نێوان ئەم لایەنانەدا ببێتە پارسەنگ و بەجۆرێک بیانکاتە پرد بۆ گەیشتن بە هیواکانی، بەڵام لەئاکامدا بەهۆی هەڵبژاردنی ڕێگەی توندووتیژی بەئامانجی دامرکانەوەی ناڕەزایەتی و گرێدانی پێوەندێیکی ساغلەم لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی ولابردنی ئابلۆقەی ئابووری، دەستی تۆڵە گەیشتە گیانی و ناڕەزایەتی خەڵک و کودتای سپا لەدەسەڵاتیان لادا. ئێستا شۆڕایکی نیزامی بەڕێوەبەری، بۆ ئیدارەدانی وەڵات تا هەڵبژاردن کاروباری سوودان ڕایی دەکا و لەبارەی دادگایی کردنی ئەلبەشیر، ئەم شۆڕایە ڕایگەیاندوە کە ناوبراو لەسوودان دادگایی دەکرێت وتەسلیم بە دادگای لاهەی ناکات. بەپێی ڕاگەیاندنی شۆڕای نیزامی سوودان، هەڵبژاردن ،ساڵێک تا دوو ساڵ کاتی پێویستە، بەڵام لەم ماوەدا هێوری وئۆقرەیی بگەڕێتەوە وەڵات ، ئەم ماوە کەمتر دەبێ وزووتر هەڵبژاردن ئەنجام ئەدەن. هەرچەند لەگەڵ ئەم بەڵێنی وکارانەی شۆڕای نیزامی، شەقام چۆڵ نەبووە وخەڵک لەدوودڵیدان و هاووکات کومیتەی قسە وکاری سودان کە سەرەکیترین گروپە ،تا ئێستاش شۆڕا ڕەد دەکاتەوە، بەڵام ئاسۆیکی ڕوون هەیە و زۆربەی خەڵک وگروپەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کاروانەکە گەڕانەوەی بۆنیە و شەقام ڕێگە بەهیچ هێز وتاقم وکەسێک نادات کە دژبە بەها دیموکراتیکەکان بوەستێ وخەڵک برسی بکا وئافرەتان لە بێ مافیدا بهێڵێتەوە. ئالا ژنەچالاکی سودانی بووە ڕەمز وشکۆی شۆڕشێکی سەرکەوتوو. مادام ئافرەتان ونەوەی نوێ خاوەنی ئەم ڕەوت وجووڵەیەن، سوودان بەرەو کەناری ئازادی وهێمنی دەڕوا وهیچ دیکتاتورێک ناتوانی جارێکی دیکە لەسەرکورسی دەسەڵاتی ئەو وەڵاتە دابنیشێتەوە.. دوێنێ عەبدول عەزیز بوتەفلیقە وئەمڕۆ عومەر ئەلبەشیر و سبەی خامەنەیی...

نووسینی بێهرۆز ئەردەڵان

# هوشداری بەحرەین بۆ ڕێژیمی ئاخوندی




وەزیری دەرەوەی بەحرەین شێخ خالید، هوشدرای دایە ڕێژیمی ئاخوندی ئێران کە لەسەر سیاسەتی لێواری هەڵدێران بەردەوام نەبێت، بەوەی هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز دەکات، دوپاتیشیکردەوە، "تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش ڕێگەیان پێ نادەین گەرووی هورمز دابخەن. شێخ خالید لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت) لە وەڵامدانەوەی پرسیارێک سەبارەت بە داخستنی گەرووی هورمز ڕایگەیاند، "لە ئەگەری ئەوەی ئێران ڕێگەی هەناردەکردنی نەوتەکەی لێگیرا و سزا ئەمریکییەکانیش لەسەری توندتربوون، هەڕەشەی ئەوەیان کردووە گەرووی هورمز دادەخەن، ئەمە هەڕەشەیەکی ڕاشکاوی ڕاستەقینەیە بۆ سەر هەموو دەوڵەتانی کەنداو. وتیشی: هەنگاوێکی لەو جۆرە هەڵکشانێکی مەترسیدارە و تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش ڕێگەی داخستنی ئەو گەرووە بە تاران نادەین. وەزیری دەرەوەی بەحرێن ڕاشیگەیاند. نە ئەمریکا و نە کەنداوییەکان جەنگیان ناوێت، ئێران هەڵەی گەورەی کرد کاتێک دەستیوەردایە کاروباری دەوڵەتانی ناوچەکە و پارە و چەک و میلیشیاکانی بۆ ناردن. وەزیرەکەی بەحرەین ئەوەشی خستەڕوو، ئەو دۆخەی ئێستا بەهۆی ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەوە هاتوەتە ئاراوە کە ئەمریکا لێی کشاوەتەوە، ئەو ڕێککەوتننامەیە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانی بەئامانجگرت و پرۆگرامە موشەکییەکەی ئێرانیشی پشتخوێخست کە بە پلەی یەکەم هەڕەشە لە ئێمە دەکات، بەمەش هەڕەشەی سیاسەتی باڵادەستی ئێرانی بەسەر ئێمەدا فەرامۆشکرد، چونکە وەک پێویست مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە نەکرا، دەستی ئێران درێژتر و درێژتر بوو، ئەوەتا ئەمڕۆش هەڕەشی داخستنی گەرووی هورمز دەکات، بەڵام ئەوەش دەزانێت کە داخستنی گەروەکە خنکاندنی خۆیەتی. وەزیری دەرەوەی بەحرێن ئەوەشی وت، "ئەوان و هاوپەیمانانەکانیان ئەو هەڕەشەیەی ئێران بەجدی وەردەگرن". جەختیشی لەوە کردووە، وڵاتەکەی و دۆست و هاورێکانی لە هاریکاریدا دەبن بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێک کە لە بەرژەوەندی بەرگریکردن بێت لە بەرژەوەندییەکانیان.

# بەرجام : ئوروپا،نایهەوێ زاری کیسەکە،شل بکاتەوە!!



جەوادی زەریف وەزیریدەرەوەی ڕژیمی ئاخوندی لە لێدوانیک دا هەڕەشەی لە ئورووپا کردو ووتی: سەری کیسەکە شل بکەنەوە

سەرۆکی ناوەندی سەرمایەگوزاری ژووری بازرگانی تاران ووتی: ئینستێکس بەبێ هاوکاری ئورووپا بەکەڵک نایا. ناوبراو ووتی : ڕێوشوێنی بازرگانی ئێران و ئورووپا بەشێوەیەکە کە هەموو جۆرە بازرگانێک پێویستی بەهاوکاری بانکێکە کە بتوانێ گواستنەوەیماڵی بۆ هەموو دانوستانێک بکات کە ئینستێکس، بۆخۆی ناتوانێ بە بێ هاوکاری بانکێکی ئورووپایی گواستنەوەی پوڵی و بانکی بۆدانوستانەکانی خۆی بکات. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد، بەهۆی گەمارۆکانەوە هیچ بانکێک حازر نیە بازرگانیمان لەگەڵ بکات

وەزیری دەرەوەی ڕژیمی ئاخوندی لە وتووێژێکدا لەگەڵ لوبلاگ ووتی: ئوروپا تەنیا بە دە لەسەدی بەڵێنەکانی پێبەندە ،بەڵام وا خۆی دەردەخات کە سەد لە سەدی بەڵێنەکانی جێبەجێ کردووە .

ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕۆژنامەی واشێنگتۆن پۆست نوسیویەتی: هەڕەشەکانی زەریف لە ئوروپا بە جیددی وەرناگیرێ و تاران بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە هاوکاری ئوروپایە فاینانشیاڵ تایمز هەوڵدان بۆ دەوردانی گەمارۆکانی بێ ئاکام زانی و نوسی: هەر دامەزراوەیەک کە لە ئامریکا خاوەن دارایی بێ یان لانیکەم سیستەمی بە پێی دولار بێ لەگەڵ یەک بژاردە روبەروە ،یان لەگەڵ ئێران دانوستان بکات یان ئامریکا هەموو داراییەکانی رادەگرێت.

# ناردنی فڕۆکەی بۆمب ڕێژی B52 ی ئامریکا، بۆ کەنداوی فارس!



پێنتاگۆن : وەزارەتی بەرگری ئامریکا، هەواڵی لە ناردنی بۆمب هاوێژە ستراتیژیەکانی بی52 بۆ ناوچەکە دا! چارلز سامرز، کەفیلی وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئامریکا، لە بڵاوکراوەیەکدا رایگەیاند، ناردنی ناو گروپی یو ئێس ئێس ئیبراهام لینکۆڵن و بۆمب هاوێژ بۆ ناوچەکە، هەنگاوێکی پارێزەرانەیە بۆ رووبەرووبونەوەی هەر جۆرە جوڵە و هیمایێک کە نیشانی بدات رژیمی ئاخوندی ئامادەکاری کردووە بۆ روبەروو بوونەوە لەگەڵ هێزەکان و بەرژەوەندیەکانی ئامریکا بەشێوەیەکی توند، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ئاشکرای کرد: ئێمە نامانهەوێ لەگەڵ رژیمدا شەر بکەین، بەڵام پارێزگاری لە هێزەکانمان، هاوپەیمانەکانمان، و بەرژەوەندیەکانمان لە ناوچەکەدا دەکەین. چارلز سامرز ووتی: هێزی ئاسمانی ئامریکا بۆمب هاوێژەکانی بی_52 ی لەناوچەکەدا لەژێر چاودێری ستادی فەرماندراری ناوەندی ئامریکا(سونەتکام) جێگیر دەکات. لەو چوارچێوەیەدا، بیل ئوربن، وتەبێژێکی ستادی فەرماندراری ناوەندی ئامریکا( سونەتکام) وتی: ئامریکا هەنگاوەکان و چالاکیەکانی رژیمی ئاخوندی و سپای پاسداران و هێزە نیابەتیەکانی رژیمی لەنزیکەوە خستۆتە ژێر چاودێریەوە.

# دوو شیرکەتی گەورەی کورەیی خەریکی بە جێ هێشتنی ئێرانن!

ڕۆژنامەی فەرهیختەگان نوسیویەتی: دوو شیرکەتی گەورەی کورەیی بەرهەمهێنی پێداویستی ناوماڵی کورەیی کە نزیکەی یەک دەیەیە لەئێراندا چالاکیان هەیە، لەدوای هاتنەدەرەوەی ئامریکا لە بەرجام و وەگەڕخرانەوەی گەمارۆکان، رایانگەیاند کە بازارەکانی ئێران بەجێ دێڵن . لەگەڵ ئەوەی کە لە سەرەتادا دەوترا ئەم هەنگاوەی شیرکەتەکانی ئێڵجی و سامسۆنگ، تەنیا قسە و پروپاگەندەی ناو دنیای مەجازیە، بەڵام شاهێدەکان نیشانی ئەدەن کە لە ساڵی 98 وە بەرهەمەکانی ئەم دوو شیرکەتە گەیشتۆتە یەک لەسەر پێنجی ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵی رابردوو. ئەمەش لەکاتێکدایە کە بازاری پێداویستی ناوماڵ ڕۆژە ناخۆشەکانی تێدەپەڕێنێت و بە ووتەی کریارانی پێداویستی ناوماڵ، گرانی لەو بازارەدا حەشر دەکات .داواکاری کریاران بۆ کرینی پێداویستی ناوماڵی دەرەکی و بەتایبەتی دو براندی ئێڵجی و سامسۆنگ، بەرێژەیەکە کە هێندێک لە خێزانەکان ئامادەن چەند بەرابەری نرخی راستەقینەی یەکێک لە پێداویستیەکانی ناوماڵی ئەو دو براندە بدەن.

# قەڵای خەبات-قەڵای تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی!. {بەشی دووهەم}

**قەڵای خەبات** ناوچەیەکی شاخاوی و دارستانی چڕو لێرەواری سەر بەشاری بانەیە. بنکەو بارەگاکانی سازمانی خەبات لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٧ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٧٩ی زاینی لەو ناوچەیە جێگیر کرابوون. وەک نووسەر دەنووسێ لە بن هەر تەپۆڵک و شاخێک بارەگایەکی پێشمەرگەی سازمانی خەباتی لێبووە. قەڵای خەبات ڕوبەرێکی فراوانی چەند هێکتاریە، کە سنوورەکەی لە گوندی بانوانەوە دەسپێدەکا تا دەگاتە هەرمێگەوە و بەشێکی سوورکێو لەوێوە بۆ شاوەران و گوندی کانی مامر تا دەگاتەوە گوندەکانی سیسارک و سماقانی لەخۆگرتوە. خەڵکی ئەم ناوچە بەزۆری بەئاژەڵداری وەک مڕ و ماڵاتەوە خەریکن شوێنی کشت و کاڵی زۆر کەمە و تاڕادەیێک باغداری و وەک میوە و داری چنار و گوێزی زۆرە. بە دیوی کوردستانی باشووردا لە ڕاستای گوندی شیوەکەڵە و کێوی سورکێویان نێوانە...

**بنکەو بارەگاکانی ناو قەڵای خەبات و چۆنیەتی پارێزگاری کردنیان.**

لە زۆربەی بەرزاییەکان، چەکی قورس وەک دۆشکە، خومپارە، تیربارێ قەناسە و چەند جۆر چەکێکیکە بۆ پاراستنی بارەگاکان دامەزرابوون و هەریەکەو چەند پێشمەرگە ی بەلاوە بوو . لە گەڵ ئەمانەشدا چەند زرێپۆش کە لە شەری گەردنەی خان، بەینی بانە و سەقز پێشمەرگەکانی دەفتەری ماموستا بە غەنیمەت گرتبویان بۆ پاراستنی بارەگاکان کەڵکیان لێ وەردەگیرا. ماوەی نزیک بە چوارساڵ مەقەری سەرکردایەتی و تەداروکاتی سازمانی خەبات لەم شوێنە بوو ، لەو ماوەیەدا چەند جار ڕژێمی ئاخوندی هێرشی گەورەی دەکردە سەرمان بۆ ئەوەی ناوچەکە داگیر بکات، بەڵام هەموو جارێک لە گەڵ بەرنگاربوونەوەی توندی هێزی پۆڵایینی پێشمەرگە ڕووبەڕوو دەبوووە و بە سەرشۆڕی دەگەڕانەوە . هەموو جارێک پێشمەرگە دەسکەوتی زۆرباشیان دەبوو و بە دەیان بەسیج و پاسداریان لە مەیدانی شەرەکە پێ بەجێ دەهێشتن و زۆر جار بە دیل دەیانگرتن . ڕژێم کە لەو سەردەمانەدا دەسەڵاتی گرتنەوەی ناوچەکەی نەبو ، چەند جارێک فورسەتی دەهێنا بە هەلیکۆپتەر و فانتۆم بارەگاکانمان بۆمباران بکات ، بەڵام بە خۆشبیەوە لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوون ، پێشمەرگەکان و هێزی بەرگری زۆر قارەمانانە بەرپەرچی ئەو هێرشانەشیان دەدایەوە، جارێکیان غافڵگیریانکردین ، بەیانی زوو بوو کە دوو هەلیکۆپتەری شەرکەری حکومەتی خومەینی هاتنە ئاسمانی قەڵای خەبات ، چون دەیانزانی هێزی بەرگریمان بەهێزە، زۆربە وریایی هاتبوون، زۆرکوێرانە تەقەیان دەکرد ، پێشمەرگە و هێزی بەرگری ئازایانە لێیان هاتنەدەست و لە ماوەیەکی کورتدا تار و مارییان کردن ، بە خۆشییەوە پێشمەرگەکان هیچ زیانێکی گیانی و مالییان لێ نەکەوت. مریشکێکیان کوشت و لە دوو شوێنەوە شیلانگی ئاوی مەقەرەکە قرتابو. قەڵای خەبات لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا لە لایەن پۆلێک پێشمەرگە کە خەدەمەی چەکە قورسەکان بوون وهێزی بەرگری سازمانەوە دەپارێزرا . پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لە چالاکی سیاسی و نیزامیدا بون، بۆیە سازمان ئاسایشی قەڵای خەباتی بەژمارەیەک هێزی پێشمەرگەو هەروەها هێزی بەرگری سپاردبوو. لەو سەردەمەدا سازمان بە سەدان کەس هێزی بەرگری هەبوو کە پشتیوانی براپێشمەرگەکانیان بوون لە هەموو کات و ساتێکدا ، زۆرلە هێزەکانی بەرگری بە مانگ لە بنکەو بارگاکانی قەڵای خەباتدا خزمەتیان دەکرد ، سازمان بۆ ئەوەی کەس خەدری لێنەکرێ، بەرنامەیەکی باشی بۆ دانابوون کە هەر پانزە ڕۆژەو هێزی بەرگری ناوچەیەک بۆ پاراستنی قەڵای خەبات بێنە بارگاکان ،کە لەوێ هەر جەماعەتەو بۆ شوێنی دیاریکراو دەنێردرا ، سازمانی خەبات بە زۆری لە ناوچەکانی بانە، سەقز، بۆکان و سەردەشت هێزی بەرگری هەبوو. کە بە ڕاستی پشتیوانێکی باش بوون بۆ هێزی پێشمەرگە، زۆر جاربۆ بەرەکانی شەر دژی ڕژێم بەشداری شەڕیان دەکرد. **ئەوانەی لە قەڵای خەبات و دەوروبەری دەژیان چ کەسانێک بوون ؟**





با بۆیادکردنەوە و زیندووڕاگرتنی ئەو تێکۆشەرانەی گەلەکەمان کە ڕەنج ومەینەتیەکی زۆریان کێشا وشایانی ئەوەن کە باسیان بکرێ و ڕێزیان لێ بگیرێ، لێرەدا ئیشارە بە کۆمەڵێکیان دەکەم ،، ناکرێ و ناگونجێ ناوی تاک بە تاکی ئەو پێشمەرگە و بەرپرسانەی لە قەڵای خەبات بوون لێرەدا ناویان ببرێ ، ئەوەش بە مەعنای ئەوە نییە کە ئەوانیکە هیچیان نەکردووە، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم کە ڕێز و خۆشەویستیم هەیە بۆ هەمووان و دەبێ لێم ببوورن ئەگەر کەم و کوورییەک لە نوسراوەکەدا هەبێ، ئەوە بزانن ئەوەی ڕاست و درووستە و لەبیرم ماوە نوسیومە . با سەرەتا لە بەڕێز و پایەبەرز مەرحوومی ماموستا شێخ جەلال حسێنییەوە دەست پێ بکەم ، سەرەتا ماڵی بەڕێز ماموستا شێخ جەلال دوای شەری ٣٧ ڕۆژەی شاری بانە کە ئاوارە بوون هاتنە بانوان، بەهاری ساڵی ١٣٥٩ بو، ماوەیەک لەوێ مانەوە . دواتر گواستییانەوە بۆنزیک گوندی کانی مامر کە شوێنەکەی لە باری ئەمنییەوە زۆر باشتر بوو، ئەو شوێنەی کە بەردی بناخەی یەکەم بینای دەفتەری ماموستا شێخ عێزەدینی حسینی لێدانرا، ئەم مەڵبەندە پێش دامەزرانی سازمانی خەبات، بە بنکە یا مقەری کانی مامر دەناسرا . دواجار بە هۆی بچووکی شوێنەکەیانەوە ماڵی بەرێز ماموستا شێخ جەلال گواستییانەوە بۆ هەرمێ گەورە کە ئەوێش هەر بەشێک بوو لە قەڵای خەبات ، کاک بابەشێخ حسینی ئەوکات ڕانندەی ماشێنێکی بارهەڵگری سازمان بوو کە کار و ئەرکی سازمانیان پێ ڕادەپەڕاند ، شاگردی ماشێنەکە، کاک کەریم شەباب بوو. کاک بابەشێخ لە گەڵ ئەوەی ڕانندەی ماشێن بو، کاری تەشکیلاتی ناوچەی بۆکانیش لە ئەستۆ بوو .

شەهید کاک سەید عەبدول کەریم فەرماندەی نیزامی بوو ، ئەو بە بەرەکانی شەر ڕادەگەیی هێزێکی تۆکمەی لە گەڵ بوو بەناوی ئەرکانی هێز، باقی پێشمەرگەکان بە شێوەی مەڵبەند و لک و پەل بۆ ناوچەکانی کوردستان دیاری کرابوون. لێرە پاییزی ١٣٥٨( کاک خالید حەسەن نژاد ) خالید سقزی بووە پێشمەرگە، شەهید خالید بە دلسۆزی و لێهاتوویی خۆی لە خزمەتی بنکە و چاپیپەزی بۆ براپێشمەرگەکانی دەستی بە خزمەتی شۆرش کرد، و بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی هەموو پلەکانی مەسئولییەتی لە دەفتەری ماموستا وسازمانی خەباتدا بری تا گەیشتە دەفتەری سیاسی سازمان. یەکێکی دیکە لەو پێشمەرگانە مام ڕەحیم بوو کە ئاگاداری زاخەیەکی چەکوچۆڵ و موهیمماتی سازمانی دەکرد. ئەم زاخەیە هەر وەک تونێل و ئەشکەوت بە شان و پیلی خۆمان و برایانی هێزی پشتیوانی هەڵکەندرابو ، کە مام ڕەحیم و پشیلەکەی لەم شوێنەدا دەژیان . مام ڕەحیم ئەو پێشمەرگەیە بو کە لە شەری ٣٧ ڕۆژەی شاری بانە لە بەرزاییەکانی ئاربەبا لە شەرێکی دەستەو یەخەی هێزێکی کۆماندۆی ڕژێم کە بە هێلیکۆپترلە سەر ئاربەبا دابەزێندرابون بریندار کرا، نزیک بە دە فیشەکی ژێسێ بەرکەوتبو، کەس بە تەما نەبووما مام ڕەحیم بمێنێ ، دوای چاکبونەوەی لەم شوێنە داندرا . کاک ابوبکر سەحرایی کە ئەودەم بەرپرسی بەندیخانەی سازمانی خەبات بو، سازمان بەندی و زیندانیەکی زۆری بوو کە بە دەستی پێشمەرگەکان لە بەرەکانی شەر بە دیل دەگیران و ڕەوانەی قەڵای خەبات دەکران، لێرە بەند دەکران تا ماوەی سزاکەیان تەواو دەبوو، هێندێک جار دیل بە دیل لە گەڵ ئەو لایەنگر یا پێشمەرگانەی کە دەکەوتنە دەست ڕژێم دەمانگۆڕینەوە . کاک ابوبکر لە گەڵ بنەماڵەکە ببوونە پێشمەرگە ، با لێرەدا وەک وەفا و پێزانینێک بۆ زەحمەت وتێکۆشانی پوورە مەحسوم دایکی کاک ابوبەکر ، کە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە لە قەڵای خەبات بووین بە بێ بەرانبەر وەک پێشمەرگەیەک خزمەتی سازمانی دەکرد، کە ئەرکی نانکردن بۆ ئەو هەموو پێشمەرگانەی لە ئەستۆ بوو، بێوچان نانی دەکرد . حاجی برایم یەکێکی دیکە لەو پێشمەرگانەیە کە زەحمەتی زۆری کێشا، ئەو پیاوەی بە تەمەنێکی زۆرەوە دایم ئامادە و قەت بە بێ ڕەخت و چەک نەتدەدیت.لەو سەردەمەدا وردە وردە ژمارەی خانوی مەقەرەکان زیادی کرد ، ئەو خانووەی لە سەرەتاوە دروستمانکرد، کردبییانە جێگای تەداروکات و حاجی برایم و کاک شێخەمین، سەیید موحەممەد، شێخ حەسەن و چەند پێشمەرگەی لێبو ، کە ئەم شوێنە بە مەقەری حاجی برایم ناو دەبرا . جارێک پێشمەرگەیەک لە حاجی پرسی تەمەنت چەندە؟ حاجی برایم زۆر لەسەر خۆ جوابیداوە، تەنیا سێجار سی ساڵم ، ئەوەی ڕۆژێک پێشمەرگایەتی خەباتی کردبێ یا بەسەردان هاتبێتە قەڵای خەبات بە دڵنیاییەوە حاجی برایمی ناسیوە ، حاجی برایم بە شۆخی کردن و قسە خۆشەکانی شەو و ڕۆژ کۆڕی پێشمەرگە و هێزی بەرگری دەرازاندەوە، دایم بزە لە سەر لێوی بو. میرزا عیبدولای نەعلبەندی . شۆرشگێرێکی بە ئەزموون پیاوێکی سادق، دڵسۆز و لەسەرخۆ بوو ، بەشی ماڵی وکۆمەڵایەتی سازمانی خەباتی لە ئەستۆ بوو، میرزا عبدوللا لە شۆرشی باشووری کوردستان لە ساڵی حەفتاکاندا بەشداری کردبوو وەک پێشمەرگە و کادێری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە ناوچەی پشدەرئەرکی شۆرشی لە ئەستۆ بووە. قەڵای خەبات کە بارەگای پێشمەرگەی سازمانی خەبات بوو لە گەڵ ئەوەشدا باوەشی ئاواڵا کردبووەوە بۆ کوردانی ئاوارەی باشووری کوردستان، بە دەیان کەس کە لە دەست زەبرو زەنگی ڕژێمی دیکتاتۆری سەددام حسین بە ناچار زێدی خۆیان جێهێشتبو، لە لای ئێمە گیرسابونەوە و ببوونە پێشمەرگەی خەبات، زۆر دڵسۆزانە کاری شۆرشیان ڕادەپەراند ، هێندێکیان بۆ بەرەکانی شەردەناردن و زۆر کەسی شارەزا و خوێندەواریان تێدابو، چەند دوکتور وکادری دەرمانی کە بۆ ئەوسەردەمەی شۆڕش زۆر کەڵکییان لێوەرگیرا، یەک لە دوکتورەکان لە قەڵای خەبات دەرمانخانەیەکی بۆ کرابووەوە و دوو لەو دوکتورەکانەی دیکە لە سییاوەمە ناوچەی دەشتەتالی بانە دەرمانخانەیەک و شوێنێکیان بۆ چاوپێکەوتنی نەخۆش لە لایەن سازمانەوە بۆ کرابۆوە . بە پێویستی دەزانم لێرەوە سڵاو و پێزانینی خۆمان بۆ ئەو برا دڵسۆزانە بنێرم کە لە خۆشی و ناخۆشیدا لە گەڵمان بوون، کاک محمد و کاک ئەمیر لە ڕانیە ناوچەی پشدەر و کاک سەلام و دوکتور ئەکرەم و دوکتور سابیر لە سلێمانی . سەرهەنگ سمکۆ عەلی یار، کە سەرهەنگێکی دەورانی ڕژێمی پێشو بوو، بەهیوابوو گروپێک پێکەوەنێ یا حیزبێک دروست بکات، بۆ ئەوەی بەگژ کۆماری ئیسلامی ئێراندا بچێتەوە، ئەویش خۆی لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەک کە جەمشید بەرپرسی کارەکانی بوو و کاک عومەری بەهرامی و ئەبوبەکر ناوێک خەڵکی بانە و چەن کەسێکیکە . وەک دەفتەری ماموستا چەند خێمەیەکماندابونێ و لە نزیک خۆمان جێمانکردبونەوە. دوای ماوەیەک کاک عومەری بهرامی کە زانی ئێمە لای دەفتەری ماموستاین ئەویش بە چەکەکەیەوە هاتە لای خۆمان دوای کاک عومەر، ئەوانی دیکەش یەک یەک و دوو دوو هاتنە ڕیزەکانی سازمانی خەبات ، سەرگوردیش بۆخۆی و چەند کەسێکی نزیکی خۆی مابونەوە ئەوانیش لە دەوری ئێمە نەمان و چووبوونە بێژوێ . موجاهیدینی کوردستان! کە ئەوانیش گروپێکی بچووک بون دوای شەری ٣٧ ڕۆژەی شاری بانە هاتنەدەرەوە و دەفتەری ماموستا یارمەتی ئەوانیشیدا کە لە نزیک خۆی بیانپارێزێ ، هەرچەند ئەوان زۆر خۆیان نەگرت و ئاشبەتاڵیان کرد و زۆربەی پێشمەرگەکانیان هاتنە ناو ڕیزەکانی دەفتەری ماموستا . سەرگورد محمودیان !، پیاوێکی بە تەمەن و سەرگوردی دەورانی شای ئێران بو ، لە ڕژێمی پێشودا وەک سەرگوردێک کاری کردبو ، پێش ئەوەی بێتە ناوریزەکانی سازمانی خەبات، پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بوو ، لە سازماندا بە هۆی ئەوەوە کە لە ئەرتەشدا خزمەتی کردبوو و شارەزای سیلاح بوو ، ئەرکی چاککردنەوەی چەک و چۆڵی سازمانی پێ سپێردرابو. عوسمان ئاوارە ! ئەم برایەش هەر لە باشووری کوردستانەوە هاتبوو، بەڵام خۆی زۆر جیاوازنیشاندا ، خۆی وەک تەکنیسیێنیەکی بێسیم لە قەڵەمدا ، دیارە شتێکی کەمی لێ دەزانی،بەڵام ئەوە نەبوو کە خۆی دەیگوت . ئێمەش وەک دەفتەری ماموستا ئەنواعی بێسیممان لە پادگانی بانە و لە شەرەکاندا بە غەنیمەت گرتبو، هەموومان لە دوو هۆدەدا کۆکردبووەوە ، هەر لە ڕاکاڵی گەورەوە بگرە تا بچووک هەمووی لە بەردەستی کاک عوسماندا بوو ، کاک ڕێبواری حسینی کە ئەوکاتە وەک هاوکارێک لە گەڵ کاک عوسمان کاری دەکرد زۆر زیاتر شارەزایی لە بێسیمەکان هەبوو، چون کاک ڕێبوار لەوکاتەدا کە پادگانی بانە لە ژێردەستی پێشمەرگەدا بوو، ئەو یەکێک بوولەو پێشمەرگانە کە لەوێ وەک بێسیمچی مەرکەزی گورهانی بانە ئەرکی شۆرشی پێ سپێردرابوو. کاک عوسمان ئاوارە وەک مندال دوو سێ بێسیمی بچوکی وەک هۆکی تۆکی لە ناو بنکەکاندا وەسڵکردبو کە جار جار قسەیان پێ دەکردن ، دوای ماوەیەک کاک ڕێبوار بە جەماعەتی گوت ئەگەر فریانەکەون عوسمان هەموو بێسیمەکان تێکومەکان دەدا ، بە پەلە لە کارەکەی لایانبرد ، و ئەرکی بێسیمیان بە کاک ڕێبوار و کاک عومەری زارعی کە پێشتر ئەندامی موجاهیدینی کوردستان بو سپارد . لەم مەڵبەندەی قەڵای خەباتی لێهەڵکەوتبو لە بناری سوورکێو بنکە و بارەگای حیزبەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مقەرێکی یەکیەتی نیشتیمانی باشووری کوردستان و مەقەرێکی شێخ کاوەی کوری شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید، ئەویش بە جەماعەتێکەوە کە لە باشووری کوردستانەوە ئاوارە ببوون و لەم ناوچەیە مابوونەوە. بارەگاکانی کۆمەڵە و مەقەری یەکیەتی نیشتیمانی کەوتبوونە ڕۆژهەڵاتی قەڵای خەباتەوە ، لە پشتی بانوان بۆ لای چەمپاراوەوە هەڵکەوتبوون و بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کەوتبوونە ڕۆژئاوای قەڵای خەبات بۆ لای گەرماو و نێروانەوەوە جەماعەتی شێخ کاوەش کەوتبووە باکووری قەڵای خەبات لە بەینی سیسارک و سماقان . با لێرەدا ئەوەش بڵێم ، خەڵکی ناوچەکە بە باش باسی ئەو چەماعەتەی شێخ کاوەیان نەدەکرد ، زۆریان لێ نارازی بون، هێندێک کردەوەی نەشیاو و گوماناوییان بەرانبەر ئەو کەسانە دەکرد کە لە باشووری کوردستانەوە بۆسەردانیان ئەهاتن . لە بەر ئەوە سازمان جوابی کردن و دوای ماوەیەک ناوچەکەیان بەجێهێشت . لێرە لە قەڵای خەبات گەلێک فەرماندەی لێهاتوو ڕاهاتن و بارهاتن و گۆچ کران و خرانە بەرەکانی شەردژ بە ڕژێمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئێران، وەک شەهید کاک تەها سوور(تەهای ڕۆحی) شەهید کاک خەلیل ڕەشاش ، شەهید کاک خەلیلی خۆشکەلام ، شەهید کاک مەلا عەلی ڕەسووڵی ، شەهید کاک عبدوللا هەمزە . شەهید کاک تۆفیق بڵەسەنی ، شەهید کاک محمد نانەوا، شەهید کاک برایم خوریاوایی ، شەهید کاک ئەبووبەکر چەکوشەیی، شەهید کاک عوسمان عەبو بۆکانی، شەهید کاک عبدوڵلا نستانی و دەیان فەرماندەی ئازا و لێزانی دیکە کە ئێستا لە ژیاندان و خزمەتی خەبات دەکەن لەم بارەگایانەدا لە لایەن دووشەهیدی فەرماندە کاک عەبدول کەریم حسینی و ماموستا سەیید خەلیل شەریفیانەوە ، ڕاهێنانی سیاسی و نیزامییان پێکرا ، یادی هەموو شەهیدانمان بەخێر و جێگایان بەهەشتی بەرین بێت . لێرەدا با وەک ئەمەک وپێزانین سڵاو بنێرم، بۆ هەمووخەڵکی دەڤەرەکە کە زۆر سادقانە و شۆرشگێرانە ئەو ماوەی بارەگاکانی خەبات لە سەر مڵک و نێو ماڵیاندا بو، بێ هیچ گیر و گرفتێک بۆ سازمان بەوپەری خۆشییەوە پێکەوە ژییاین ، لە هیچ یارمەتییدانێک بۆ سازمان درێخییان نەکرد . با تۆزێک باسی سروشت و تەبیعەتی ناوچەکەشتان بۆ بکەم ، شوێنێکی شاخاوی دارستانێکی چڕ، ئاو و هەوایەکی خۆش، لە هاویندا بە هۆی دارستانەکەیەوە زۆر گەرم نەبو، لە زستاندا سارد و بەفرێکی باشی لێدەباری ، زستانی ساڵی ١٣٥٩ بوو، بۆ جەولەیەکی سیاسی نیزامی لە قەڵای خەباتەوە کە زیاتر لە ٧٥ پێشمەرگە بووین ، بە فەرماندەیی شەهیدی نەمر کاک سەید عەبدول کەریم بۆ ناوچەی سەقز و بۆکان ، جەولەیەکی گەلێک دژوار بوو، کە رێکەوتین زیاتر لە یەک میتربەفر بارییبوو، لە برێک شوێن کە بارنی کردبو زۆر بە زەحمەت رێگات دەبری بە تایبەت بناری سوورکێو تا گەیشتینە ئاوایی قورنێ و



زەربەنە. لەوێوە بەرەو پشت جادە ئەوجار هەڵکشاین بەرەو کوێستانەکانی مێرگە نەخشینە....... هتد . لە قەڵای خەبات کانی دروزنەیەکی لێ بوو کە لە بەهاراندا دەژییایەوە ، دوای ئەوەی بەفری کوێستان و دەوروبەر دەتوایەوە ئەم کانییە دەژیایەوە. ئەویش چ کانییەک ئەو کاتەی کە دەستی پێدەکرد کانییەکە بژیەتەوە گرمەیەکی گەورە دەهات ، دوای ئەو دەنگە زلە زەوییەکە شەقی دەبرد و ئاوێکی زۆر بە خوڕ بە ناو بارەگاکانی سازمانی خەبات دا دەهاتە خوار و دەرژایە ناو چۆمی بلەکێ ، ئەوەی شارەزای ناوچەکە نەبوایە، چون ئاوەکەی ئەوەندە زۆر بوو نەیاندەزانی لە هاویندا وشک دەکات ، لە سەرەتاوە ئەوەندە بە خوڕ دەهات نەتدەتوانی لێی بپەریەوە دەبوایە بۆ پەرینەوە پشت کانییەکە بکەوی، هەرچەند رێگای کاروان بە پشت کانییەکەدا تێدەپەری. کە هاوێنیش دەهات تەرایی لێ دەبرا و چۆرێک ئاوی پێدا نەدەهات ، و نەتدەزانی کە ئەم شوێنە لە بەهاردا بە ئەندازەی چۆمێک ئاوی پێدا ڕۆیوە . لە بەهار و پاییزدا لە سەر تەپۆڵک و لێرەواری ناوچەکە قارچکی (کارگ) زۆرهەبوو، هەرلە دەوری مقەررەکان بەشی خۆمان کۆدەکردەوە . بەهاران لە سەر گردێک لە خوار کانی مامرەوە لە سەر رێگای سماقان کلاوبنە و ڕێواسی زۆری لێدەردەهات کە پێشمەرگەکان جار جارلەو ڕێواسەیان بۆ مەقەردەهێناوە ، لە بیرمە لە پشت کانی مامر لە بەینی دۆشکەکەی ئێمە و ناواییدا بەردێکی زۆر گەورە و تەختی لێبو ناویان نابوو بەردە ترخێنە پێموابێ لە کاتی ترخێنە دروستکردندا لە سەر ئەو بەردە ترخێنەکەیان دروست کردووە ، بۆ ئەوەی هەم شوێنەکەی پاک و تەخت بوو، هەم بەربەڕۆچک بوو زوو ترخێنەی لە سەروشک دەبوووە. مزگەوتێکی گەورەمان لە ناوەڕاستی بارەگاکاندا دروستکردبوو، ئەو دارانەی کەوتبونە شوێنی مزگەوتەکەوە. هەر ئاوا تەبیعی مابوونەوە و نەمانبرییبون،ەمانە چەند دارێکی زۆر گەورە بوون کە مزگەوتەکەیان تەقریبەن حەشار دابوو.

بۆ لاپەڕەی 5

**بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتیەکانمان ، پێویستە ژن و پیاو یەکسان و هاو هەڵوێست, بەشداری لە خەباتی رەوای رزگاریخوازی دا بکەن.**

